# داخۆیانی هاوبەش

**کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان!**

**کوردستانیانی وڵاتپارێز!**

هەموومـــان دەزانـــین کە ڕەوشـــی باشـــووری کوردســـتان لە دووریـــانێکی مەترســـیداردا گیـــری خـــواردووە، لەجیـــاتی چارەســـەرکردنی، کەچـــی بە هـــۆی ململانێـــی نـــاڕەوا و بـــۆ بەرژەوەنـــدی تەســـکی حزبـــایەتی خەریـــکە بەرەو تـــونێلێکی نادیـــار تـــاو دەدرێ؛ بـــۆیە ئـــێمە وەکـــوو لایەنـــی سیاســـی خەمخـــۆر گەیشـــتینە ئەو بـــاوەڕەی کە ڕەوشـــی ئێســـتا، پێویســـتی بە خوێنـــدنەوەی وڵاتپـــارێزانە و ڕاســـتگۆیانە هەیە، بـــۆ ئەو مەبەســـتە دوای پـــرس و ڕاوێـــژی هـــاوبەش، دوای گفتوگـــۆیەکی چـــڕ و پـــڕ، بەو ئاکـــامە گەیشـــتین کە ڕامـــان و دیتنـــی خۆمـــان بـــۆ ئێـــوەی بەڕێـــز ڕوون بکەیـــنەوە و لێتـــان بخـــوازین کە پشـــتیوانی لە داخوازیەکانمـــان بـــکەن، تـــا پـــێکەوە بتـــوانین ئەم قۆنـــاغە دژوارە تێـــپەڕ بکەیـــن و بەرەو ئاســـۆیەکی ڕوونتـــر هەنگـــاو هەڵبگـــرینەوە. ئـــێمە لەســـەر ئەم پرسانە هاوڕابووین:

1- **پرســـی دەســـتوور**: هەرێمـــی کوردســـتان وەک قەوارەیەکـــی فیـــدراڵی، بەهـــۆی ململانـــێ و بەرچـــاوتەنگی حزبـــایەتییەوە هەتـــا ئەمـــڕۆکە بـــێ دەســـتوورە، بـــۆیە خوازیـــارین کـــاری شـــێلگیرانە بـــۆ دەســـتوور بکـــرێ، بەڵام ئەرکـــی لە پێشـــینە ئەوەیە کە پرســـی نـــاوچە دابڕێنراوەکـــان یەکلایـــی بکـــرێتەوە، ئەوکـــاتە لە ڕاپرســـییێکی گشـــتیدا شـــێوەی فەرمـــی خۆی وەربگرێ.

2- **کۆمیســـیۆنی هەڵبـــژاردن**: پێویســـتە کۆمیســـیۆنی هەڵبـــژاردن کە بە پشـــکی حزبەکـــان پێکێنـــراوە، هەڵبوەشـــێتەوە؛ دەخـــوازین کەســـانی پســـپۆڕ و بـــێلایەن شـــوێنی ئەنـــدامانی ئێســـتای بگـــرنەوە، چـــونکە بەو هـــۆیەوە دەســـتکراوەتر دەبـــن و دەتـــوان ســـەربەخۆیانە کـــار بـــکەن و لە ڕاپەڕانـــدنی کارەکانیاندا بۆ بڕیاری حزبەکان نەگەڕێنەوە.

3- **یاســـای هەڵبـــژاردن**: پێویســـتە پـــێش هەڵبـــژاردن یاســـای هەڵبـــژاردن لە یەک بـــازنەییەوە بـــۆ فـــرە بـــازنەیی بگـــۆڕدرێ، بەو هـــۆیەوە نـــوێنەرانی

ڕاســــتەقینەی ناوچەکـــــان دەگەنە پەرلەمــــان و دەتــــوانن باشـــــتر نوێنەرایەتی بکەن.

4- **پرســی کۆتــا**: هەبــوونی نــوێنەر بــۆ کەمینەکــان شــتێکی باشــە، بەڵام شـێوەی ئێسـتای کۆتـا لە هەرێمـی کوردسـتان کە بە دەنگـی دیتـرانەوە دەگەنە پەرلەمـان بـارێکی قـورس و لاسـەنگی دروسـت کـردووە، ڕاسـتی ئەوەیە کە پـاڵێوراوانی کەمینەکـان بە دەنگـی ڕاسـتەقینەی کەمینەکـانەوە هەڵبژێردرێن.

5- **پرســــــی نەتەوەی دووەم**: تورکمانەکـــــان بانگەشــــەی ئەوە دەکەن کە نەتەوەی دووەمـــی هەرێمـــی کوردســـتانن، بـــۆیە تەرخـــانکردنی کۆتـــا کــارێکی ناڕاســـتە، پێویســـتە ئەوان لە بازنەکانــدا کێبەرکــێ لەگەڵ لیســـت و پاڵێوراوەکــانی دیــکەدا بــکەن، چــونکە بەو هــۆیەوە پــێگە و ســەنگایی ئەوان دەردەکەوێ.

**١- حزبی ڕزگاریی کوردستان**

**٢- بزووتنەوەی نوێبوونی کوردستان**

**٣- کلۆپەی نیشتمانی کوردستان**

**٤- پارتی ناوەندی کوردستان**

**٥- ڕێکخراوی پێشەنگی گەلی کوردستان**

**٦- هاوپەیمانی نیشتمانی کوردستان**

**٧- بەرەی گەل**

**٢٠٢٢-١-٢٨**